

سابات

**کچێک بڕیار دەدات بمرێت**

پەنجەکانم شێواوتر لەجاران دەست لەملانێ پێنوس سەما دەکات
دەنکە مرواریەکانی قەدری شەکەتم دەهۆنەوە ،شێواوتر لە جاران وشە بێ نازەکان
چرەکە لیمۆییەکانی عەشقە لەبار چووەکەم دەنووسنەوە
زەمەن چەندە بێوەفا روح و جەستەی بێ گیانم دەسوتێنێت
لەچاوە پڕ لە حەسرتەکانم ئەشکی ئەبدی دەبارێـــــنێت
من کە هاتم بۆ هەمیشە لە بەردەم قاپی تۆ کەوتمە نزا کردن
کە هاتم بۆ ئەبەد چاوەکانی تۆم کرد بە پەرستگام و لە بەردەم بالات
نوێژم دابەست ..زکری هەرســێ پێتەکەی ناوتم دەکرد
بە خەندیەکەوە فەرشی روحم لە بەردەم پێکانت رادەخست
دەهاتم و پێم دووتی ئەوە چاوەکانم و ئەوە روح و گیانم خـــۆت سەرپەشک بە
چۆن دەمژێنیت و چۆن دەمرێنیت ،،،پێم دەوتی من پشت لە دونیاو روو لە تۆ دەبم
دەسا تۆش وەرە دەسمالی چاوەروانیم توند لە دەستەکانت گرێ بدە و
بۆ ئەبەد لەگەڵ خۆتم بەرە .بۆ ئەبەد بم بە با لەکەنارەکانی مەرگیش گۆرانی
بۆ ژیان بلێم .با چرکەکانی تەمەنم پڕ بێت لە توانجی ئەم و ئەو
گرینگ تۆم لەگەڵ بێت .پارامەوە لە تۆ لە خـــودام دەستی حەزم بەرمەدەن و
لەگەڵ خۆتم بەرە ،،،،،
ئـــــای لە دووریت قژی رەشی چاوەروانیم ســـپی بوو
چاوەکانم کۆمی خـــوێنین و لێوەکانم ووشەک هەڵــگەروانن .....
چـیت پێبلێم ....؟؟؟
من چیم هەبوو ؟؟ جگە لە تۆ لە ژینم !!..
من چیم هەبوو ؟؟ جگە لە عەشقە هەورازەکەی تۆ !! جگە لە راکردنم بەدوای تۆ
ئای کە نەم توانی بێ تۆ چرکەیەک لە تەمەنم بەرێ بکەم
هەناسەیەک هەڵــمژم کە تۆی تیا نەبێت ...وای کە بەند بووم بە تۆ وە هۆگر بووم بە ناوت و
شەیدا بووم بە دەنگ تا دوا پلەی شێتی عاشق بووم بە هەموو بوونت ......
ســـــەیرە لێرە کە دووربین لە یەک
ئیتر منیش نامەوێت بژیم نامەوێت هەناسەکانی مەرگ لە دووریت بەرێ بکەم
نامەوێت قەدەرم جیا بێت لە قەدەرت ...بڕیارم دا ئەم شەو کچێک بمرێت.